
# خوێن چیە ؟

**خوێن تاکە ئەندامی شلی جەستەیە کە نزیکەی 8% ی کێشی جەستە پێکدەهێنێت. لە پیاوی پێگەیشتوودا نزیکەی 5-6 لیتر و لە ژندا 4-5 لیترە. ئەرکی سەرەکی گواستنەوەی ئۆکسجین، خۆراک، هۆرمۆن و لابردنی پاشماوەیە.**

## پێکهاتەی خوێن چیە ؟



Vedantu
Learn LIVE Online
Components of Blood
55% Plasma
Water
Ions
Proteins
Nutrients
Wastes
Gases
platelets
1%
White blood cells
44% Red blood cells

بەشی شلی زەردی 55% **Plasma پلازما**
:90-92% ئاوە. 3 پرۆتینی سەرەکیخوێن
،بۆ بەرگری `Globulin` ،بۆ فشار `Albumin`
بۆ مەیبوون Fibrinogen`

. لەناو پلازمادا مەلە  دەکەن45% خانەی خوێن****
گواستنەوەی گاز 40%~ **RBC خڕۆکەی سوور
خرۆکەی سور بەهۆی هیمۆگلۆبینەوە.     تەمەن: 120
ڕۆژ. ڕۆژانە 2 ملیۆن دروست دەبێت

سیستەمی بەرگری   WBC خڕۆکەی سپی . 5
جۆری هەیە. کاتێک هەوکردن هەیە 10 هێندە زیاد دەکات

ڕاگرتنی خوێن بەربوون یارمەتی Platelets پلێتلێت .
دەدات "clot" دروستکردنی

تێبینی:* هەموو خانەکانی خوێن لە `مۆخی ئێسک*
Bone Marrow` دا دروست دەبن. ئەم پرۆسەیە
`Hematopoiesis` پێی دەوترێت

*گواستنەوەی خوێن و گروپی خوێن .

له کاتی گواستنەوەی خوێندا دەبێت ئەنتیجینی `A, B, O` لەسەر RBC بگونجێنرێت. هەروەها `Rh factor` گرنگە. ئەگەر نەگونجێت خوێن مەیخۆڵ دەبێت (و مەترسیدارە.

*بڕی خوێن: کەمی و زۆری .

*پرسیار: بڕی ئاسایی خوێن چەندە؟*
وەڵام: 4.5 بۆ 5.5 لیتر لە مرۆڤی پێگەیشتوودا.

پرسیار: ئەگەر کەمی خوێن ڕوویدات چی دەبێت؟*
Hypovolemia*
وەڵام: فشاری خوێن دادەبەزێت، سەرگەڕان، لاوازی. لە حاڵەتی زۆر دەبێتە هۆی شۆک. هۆکار: خوێن بەربوون، سوتانەوە.

پرسیار: ئەگەر زۆری خوێن ڕوویدات چی دەبێت؟*
Polycythemia*

وەڵام: RBC زۆر زیاد دەکات. خوێن قورس دەبێت. مەترسی جەڵتە و داخرانی بۆڕ زیاد دەکات. هۆکار: جگەرە کێشان.

*وەڵام + Checkpoint پرسیاری .*

1. *پرۆتینی سەرەکی پلازما چین؟*

Albumin = ڕاگرتنی ئاو، Globulin = بەرگری، Fibrinogen = مەیبوونی خوێن

2. *جیاوازی نێوان RBC و WBC چیە؟*

RBC = 120 ڕۆژ دەژی، ئەرکی گواستنەوەی گاز.

WBC = چەند ڕۆژ بۆ چەند ساڵ، ئەرکی بەرگری

3. *بۆچی پلێتلێت گرنگە؟*

بێ پلێتلێت خوێن ناوەستێت و بەردەوام دەردەچێت

4. *Hematopoiesis لە کوێ ڕوودەدات؟*

لە مۆخی ئێسکی سووردا، بەتایبەت لە ئێسکی شان و لاق

5. *نیشانەی کەمخوێنی چین؟*
ماندوێتی، پێستی زەرد، سەرئێشە، لاوازی


- **قۆناغە جیاوازەکانی دروستبونی خوێن چییە ؟**

لە ماوەی گەشەکردنی (Hematopoiesis)
مرۆڤدا شوێنەکەی دەگۆڕێت.
گەشەکردنی پێش لەدایکبوون (کۆرپەلە)
سێ مانگی یەکەم: لە حەفتەکانی یەکەمی دووگیانیدا،
خانەکانی خوێن لە کیسی زەردێنەدا (Yolk sac)
دروست دەبن.
سێ مانگی دووەم: جگەر و سپڵ دەبنە شوێنی سەرەکی بۆ
بەرهەمهێنانی خانەکانی خوێن.
سێ مانگی سێیەم: مۆخی ئێسک لە دەوروبەری مانگی

چوارەمەوە دەست بە کار دەکات و تا کاتی لەدایکبوون
دەبێتە شوێنی سەرەکی.

دوای لەدایکبوون و تەمەنی پێگەیشتن

باری ئاسایی: منداڵ و گەورەی تەندروست بۆ دروستبوونی
خوێن تەنها پشت بە مۆخی ئێسک دەبەستن.



کاراکردنەوەی یەدەگ: ئەگەر مۆخی ئێسک بەهۆی نەخۆشییەوە زیانی پێبگات، جگەر و سپڵ دەتوانن دووبارە دەست بە دروستکردنەوەی خوێن بکەن.

دروستبوونی خوێن لە دەرەوەی مۆخ: بەم پرۆسە یەدەگەی دەرەوەی مۆخی ئێسک دەوترێت Extramedullary .hematopoiesis